# کوردستان.. ڕێژەی زەکاتی پارەو خشڵ و سەرفیترەو فیدیەی دیاری کرا

ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ڕێژەی زەکاتی پارەو سەرفیترەو فیدیەو زێڕو زیو و خشڵی ئافرەتانی بە ئەمساڵ دیاری کرد.

ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕێژەی زەکاتی پارەو سەرفیترەو فیدیەو زێڕو زیو و خشڵی ئافرەتانی بە ئەمساڵ ڕاگەیاندوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە پوختەی فەتواکەو ڕێژەو ئەندازەی دیاریکراو بەمشێوەیەیە:

١- نیسابی (زەکاتی پارە) بە ئەمساڵ بریتییە لە: (٣) ملیون دیناری عێراقی. هەر موسڵمانێک ئەو بڕە پارەی هەبو، ساڵیشی بەسەردا تێپەڕی، واجبە زەکاتی لە سەدا دو و نیو(2.5 %)ی لە بدات، واتە لە (یەک) ملیۆن (٢٥) هەزار دینار، لە (یەک) دەفتەر دۆلار (٢٥٠ دۆلار).

٢- نیسابی (زکاتی زیو) بریتییە لە (٢٠٠) دیرهەم، کە دکاتە (١٤٠) مسقاڵ. هەر موسڵمانێک ئەو بڕە زیوەی هەبو، ئەگەر ساڵی بەسەردا تێپەڕی، واجبە لە سەدا دو و نیو (2.5 %) زکاتی لە بدات.

٣- نیسابی (زکاتی زەهەب) بریتییە لە (٢٠) مسقاڵ، ئەگەر ساڵی بەسەردا تێپەڕی، واجبە (نیو) مسقاڵی لە بدرێت، ئەگەر (٤٠) مسقاڵ بو، (یەک) مسقاڵ واجبە.

٤- نیسابی (زکاتی خشڵ)ی حەڵاڵی ئافرەتان کە بە خەیان بکاری بهێنن و تیجارەتی پێوە نەکەن بریتییە (٢٠٠) دوسەد مسقاڵ زێو، ئەگەر ساڵی بەسەردا تێپەڕی، واجبە لەسەدا دو و نیوی(2.5 %) لە بدات.

٥- زکاتی (سەرفیترە) بە ئەمسا، ئەگەر بە (پارە) بو، بریتییە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناری عێراقی.

٦- (فیدیە)ی بەرژو نەبون بە ئەمسا (بە ئەوانەی عوزری شەرعییان هەیە) ئەگەر بە (پارە) بو، بریتییە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناری عێراقی.